ڕێگای ئەدەب و هونەر

ژمارە (٢٥) بەفرانباری ٢٧٠٩

ئەنجیلینا جولی ئۆباماى خۆشاوێ

سەرچاوەیەك نزیك لە خانمە ئەكتەری بەناوبانگ (ئەنجەلینا جولی) ئەوەی ئاشكراكرد كە ئەنجەلینا جولی رقی لە باراك ئۆباماى سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەبێتەوە. ئەو سەرچاوە نزیكە ئەوەشی روونكردەوە كە جولی پێیوایە ئۆباما تەنها بەدوای پۆست و پلەوپایە و خۆشگوزەرانی خۆیەتی. هەروەها جولی بەهۆی رق لێبوونەوەی ئۆباما دووچاری كیشەیەكی دیكەش بۆتەوە ئەویش ئەوەیە كە براد بیتی هاوڕێی زۆر بە ئۆباما سەرسامە ئەوەش رەنگە پەیوەندی نێوان جولی و براد تێك بدات.

تەنهایی غوربەت

گەشاوەجاف

چەند جوانن ئەو فرمێسكانەی
هۆن هۆن لە چاودێنە خواری و
تەڕی دەكەن باخچەی روحی وشكم

* * *

چەندە شیرین بزەی سەر لێوت
كە خەندەی خۆشی ئەخاتەنێو ژینم
چەندە سەرمەستم
بەو ئاواز و هیلۆدییەی
كە لە دەنگی تۆ دەیبیستم

هونەرمەند " حوسێن عەلی" قادركەرەمی

هەرهونەرمەندێك مەقام نەزانێ هونەرمەند نییە!!

فەرمان هیدایەت - كەركوك

"حوسێن عەلی" گەنج

بۆیە دەڵێم "حوسێن عەلی" گەنج، چونكە بەراستی قورگی كاك (حوسێن) زێرینەو كاتێك، گوێبیستی دەنگی دەبیت، یەكسەر دەزانیت ئەم جۆرە دەنگە هەر بۆ زیندوو راگرتنی (بەستەو مەقام) پشتگوێ خراوەكانی باباگورگور باشە، بەراستی دەگمەنە، هونەرمەندێكی گەنج لەم سەردەمە بتوانێت بەستەو مەقامە رەسەنەكان بەجوانی بچڕێت لەوەش دەگمەنتر ئەوەیە هونەرمەندێك گەنج بێتو رووبكانە مۆسیقای رەسەنی كوردی لەم شاری عەلی مەردانە كەپاش كۆچی دوایی (سەلاح داودە) جگەلە شكور خەیات كەس نییە، بەستەو مەقامە رەسەنەكان بەگوێچگەماندا بچڕێت، هیچ لایەكیش گرنگی بەم، هونەرە مەزنە نادات، كاك (حوسێن) نموونەی هونەرمەندێكە ئەكرێت، پشتگیری هونەریو ماددی بكرێت بۆ زیندوو راگرتنی هونەری مۆسیقای رەسەنی كوردی لە كەركوك، بەلاّم بەداخەوە، هیچ لایەنێك گرنگی بەم هونەرمەندانەی كەركوك، نادات، هونەرمەند (حوسێن قارەكەرەمی) وتی: پرۆژەی ئایندەم كاركردنە لەپێناو زیندوو راگرتنی گۆرانی رەسەنی كوردی نەك كار بەمۆسیقای بێگانە بكەم بەداخەوە دەبنێ رۆژ بەرۆژ هونەرمەندە نوێیەكان دوور دەكەونەوە لە مۆسیقای رەسەنی كوردی هیچ مۆسیقا رەسەنی كوردی نازانن بەبۆچوونی من ئەوەی بەخۆی بڵێ من هونەرمەندم، نەزانێ مەقام بڵێ، ئەو كەسە هونەرمەند نییە، هەروەها كاك حوسێن وتی: دوو كلیپم هەیە، پێم وایە ئەوەی كەمن پێ ناسراوم گۆرانی (شیرینی لەیلانێ) بوو، كەهەرزوو لەلای جەماوەر پەسەندكرا، هەروەها نەبوونی بەرهەمی نوێ گەراندەوە بۆ نەبوونی هاندانو بێ توانای ماددی هەروەها وتی: لەپرۆژەمدایە ئەگەر هەلومەرج رەخسا (سی دی) بلاّوبكەمەوە، وە هەوڵدەدەم ئاوازی رەسەنو هۆنراوەی شایستە بۆ گۆرانیەكانم هەڵبژێرم.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خۆیو هونەرمەندان وتی: لەگەڵ مام شكور خەیات زۆر نێوانمان خۆشەو چاوم بەزۆر هونەرمەندی وەك (رەزازیو خوسرەوی ماملێو خەلیل وەندی هتد كەوتووە) بەشداری یادی مامۆستا عەلی مەردانم كرد، بەهەردوو بەستەی (شەوەشلو لەبەرنازی چاو بازان) هەروەها بەشداری شایلۆغانی گەرمیانم كرد ئەوەی كاك (حوسێن) بەلایەوە گرنگ بوو، حكومەتی هەرێم، بیكات لەكەركوك كردنەوەی كەنالیكی ئاسمانی كوردییە، لە كەركوك بەگشتی، هونەری كوردی بەتایبەتی، چونكە هونەرمەندەكانی ئەم شارە زۆر، پشتگوێخراون، پێویستە لەوە زیاتر بایەخ، بەهونەر هونەرمەندانی ئەم شارە بدرێت.

لەپرۆژەمدایە ئەگەر هەلومەرج رەخسا (سی دی) بلاّوبكەمەوە، وە هەوڵدەدەم ئاوازی رەسەنو هۆنراوەی شایستە بۆ گۆرانییەكانم هەڵبژێرم.

هونەرمەندێكی دەنگخۆش هاوسەرێكی هونەر دۆزست!!

هەر سەركردەو زاناو داهێنەرو هونەرمەندو هەر، مرۆڤێكی گەورە، هەمیشە ئافرەتێكی گەورە لە پشتیوەیەتی: زەنگی تەلەفۆنەكەم بۆ لێدا بەكسەر وتی هەر ئێستاكە وەرەوە ماڵم، بەوشەوە چووم بۆ ماڵیان میوانداریان كردم، لەماڵە خنجیلانەكەیان نەمدەزانی چۆن پێ بلێم گۆرانیەكم بۆ بڵێ، هەندێك باسی مامۆستا عەلی مەردانم كرد هاوسەرەكەی وتی: ئێستاكە گۆرانیت بۆ دەڵێ ئەمەش رێگەی بۆ كردمەوە كە داوایی لێبكەم قەتارو للەوەیسیەكم بۆ بڵێ كە مامۆستا عەلی مەردان و توێتی ئەویش لەچەشنی بولبول بەدەنگە زولاڵەكەی چریكاندی، بەراستی دەنگی خۆش بوو، بەراستی نەمدەزانی چۆن گوزارشت لەو شادییە بكەم، كەبەهۆی دەنگە زولاڵو گۆرانیە رەسەنەكانی كە بۆمی دەچڕێ، سەرتاپا لەشمی داگیركردبوو، هاوسەرەكەی (نەوال) خان زۆر هانی هاوسەرە هونەرمەندەكەی ئەدا پێ خۆش بوو كەوا گۆرانی بلێتو بەردەوام بێت، لەسەر هونەرەكەی ئەمەش سەركەوتنێكە مرۆڤ هاوسەرەكەی لەكارێكی ئاوها پشتیوانی بكات، ئەوەی جێگای داخە هونەرمەندێكی ئاوها دەنگخۆش لە كەركوك پشتگوێ خراوە لەم رۆژگارە، ئەگەر هونەرمەند خۆی توانای ماددی نەبێت، بۆ بەرهەمەكانی هیچ لایەنو كەسێك ئامادەنییە هاوكاری هونەرمەندبكات، ئەمەش كاری هونەرمەندی زۆر قورس كردووە بۆ ئەوەی گۆرانی بلێت.

حوسێن عەلی

لەدایك بووی ١٩٦٥ خەڵكی (قادركەرەمە) لەگەڕەكی شۆرجە لە كەركوك لەدایكبووە.
خوێندنی ناوەندی تەواوكردووە، ئامێری دەف دەژەنێ، دەنگی (عەلی مەردانو مەزهەری خالقی)و زۆربەی هونەرمەندە دێرینەكان وهەروەها (عەدنان كەریمو ئەیوب عەلی) و چەند هونەرمەندێكی تری زۆر خۆشدەوێنو سوودی لێوەرگرتوون.

دووا كۆچ... ئاوابوونی ئەستێرەكانی ٢٠٠٩

سەلاح داود

سەربەست عومەر

ئەردەلان بەكر

خالید جوتیار

مەحمود تۆفیق شلك



محەمەد عارف

حسێن مسری

مایكڵ جاكسۆن

قالە مەرە

عومەر عەلی ئەمین



ئەكرەم قەرەداغی



د.كاوێس قەزاز

حەسەن سپەلاك

محەمەد كەریم نانەوا

ئەم مرۆیە بوونەوەرێكی سەیر بوو لەچوار پەلان تەنها گوێی ساخ بوو،سەری روتابووەوە، تەنها نیو قامك داوەموو بەتەپڵی سەریەوەمابوو، كتومت وەكو (سۆفەقیتە) وابوو، كەچی مووی سەرسینگو باڵۆرەی باسكی، چەشنی غوریلاو هەمووی موو بوو، هەردوو قاچی كوتەوگێرو وێرو چوێر بوو، جوتێك سمێڵی پێوەبوو چەشنی باڵی پەرەسێلكە وابوو، سەیر لەوەدابوو دوو ژنی هەبوو..(گوڵ عوزارو گوڵ خەندان). لەدەورەی كۆڵانی گەڕەك بەرامبەر بەمالّی (جەلیل بەگ) دووكانی سیپەلاكی هەبوو، سیپەلاكی لەشیش دەداو دەیبرژاند، ئەم بوونەوەرە (مەی)خۆرەوە بوو، چارەگێك (عەرەق)ی بەتاڵ دەكردە ناو (مەتارە)ی ئاو، ناوە ناوە فڕیكی لێدەدا، پاشان پشكێك سیپەلاكی برژاوی دەكردە مەزە.كاتێ كەسەری گەرم دەبوو دەستی پێدەكرد..!

(نازیلێ چاو بەكلێ .. هەرێستێ ماچم دەوێ .. نای هێلمە نیوی شەوێ. بەشێخەكەی كانی كەوێ) شاگردێكی مێرد منداڵی هەبوو ناوی (مەجۆ) بوو، كورتە بالاّبوو، كاتێ كە حەسەن سیپەلاك سەری گەرم دەبوو گۆرانی دەچڕی، مەجۆ دەستی بە چەقەنە لێدان سەماكردن دەكرد..ئیدی كورگەل دەوریان دەدان دەبووە شایلۆغانو چەپڵە رێزان.

جەنابی جەلیل بەگ لەپەنجەرەی نهۆمی دووەمەوە تەماشای دەكردن، چونكی بەخۆی خەریكی (جۆخێن)بوو ئاگای لە (دۆخێن) نەمابوو، بۆیە خەمی لێیان دەخوارد، هەرلەپێشەخۆی لەبن لێوان بڵمە بڵمی بوو دەیگوت: سەگبابی سیپەلاك خۆر دەڵێی سەیە بەگوجیلەیی نانی گەرمیان داوەتێ لاق و لەتەری گێرِ بووە نازانم ئەم بەزمو رەزمەی لەپەلی چی؟! وادەزانی نێرینەی بەهارەو دواتر (ماین)ی ئاووسن لەسەر گوڵن، پیسكەی گەنی هەموو هەناوی بۆ گەنی بووە ئەوەندەی سیپەلاكی خاوە برژی تێپەستێ.. بەلاّم لەدەروونەوە ئێرەیی و خۆزگەی بەحەسەن سیپەلاك دەبرد، پڕ بەدڵ حەزی لێبوو بچێ شیشێك سیپەلاكی برژاوو لەناو لەتەنانێك لوول داتو بیكاتە بابۆلەو بیداتە بەر قەمپاڵ. بەلاّم هەوای خۆبەزلزانینو نەفسیەتی بەگایەتی رێگەیان پێ نەدەدا. واهەستی دەكرد لەغەیبەوە پێی دەڵێن: بەگو سیپەلاك خواردن كوجا مەرحەبا. ئەسلەن پێی وابوو كەلەهەییەتو شكۆمەندی بەگایەتی كەم دەكاتەوە.. دواتر پەردەی بەرووی پەنجەرەكەدا دادەداوە، لەسەر كورسی دادەنیشتو جگەرەیەكی دادەگیرساند لەگەڵ هەڵمژینی دووكەڵی جگەرە لەدڵی خۆیدا دەیگوت!

فەرموو لەناو ئەم ژیانە سادەو ساكارو مەحرومەژیەدا چەند بێ خەمو خەیاڵن، ئای كەبەختەوەرن لەژیانی خۆیاندا، ژەمی هێوارەیان مسۆگەر بێ، هەرگیز بیر لەژەمی بەیانی ناكەنەوە.

گەلۆ..! رەورەوەی رۆژگار لەخولانەوە ناكەوێ بەكلاّوان بێ كلاّو دەكات،بێ كلاّوان بەكلاّو دەكات بروانە..!

دەستە دەستە پیاو ماقولاّنی شار، بەدەستو دیاری بەگەرمو گوڕی سەردانی جەلیل بەگ دەكەن.

بەلاّم دەستەو دیاری هاتنی ئەوانە تروسكایی یەك خۆشی چی؟!خۆشی نابەخشن بەدڵو دەروونی بەگ. چونكە سەرباسو دواباسیان باسو خواسی سەروەتو سامانو تەناف بازی بوو.

(ئاش لەخەیاڵێك و ئاشەوان لەخەیاڵێك)

جەلیل بەگ، هەموو هەناوی ریزاڵو بەرپزاڵ دارزاوە هێندەی سێ ژەمە دەرمانی ئێكسپایەر بنۆشێ، ئێستێ هەموو هیواو ئاواتی تەنهایەك شیش سیپەلاكی برژاوە، بۆیە بەدزی خانەوادە، بەتاسووقەوە لەپەنجەرەكەوە بۆنو بەرامی بۆ كڕووزی سیپەلاكی برژاو هەڵدەمژێ سێبووری پێدەبەخشێ.

حەسەن سیپەلاك، هەواڵی نەساخی جەلیل بەگی بەرگوێی كەوتبوو،سێ شیش سیپەلاكی لەناو نانێك لوولدا، لەگەڵ كورتە بالاّی شاگردیچوون بۆ سەردانی جەلیل بەگ، جەلیل بەگ، هەر لەجێوە نێوەراست بووەوە، بۆنی سیپەلاكی كردبوو گوتی:

-بەهاتنتان خۆشحالّم، هەست دەكەم ئێشو ئازارم كەم دەبێتەوە.

حەسەن سیپەلاك گوتی

-بەرێز نابێ لێمان بگری، هەرئەوەندەمان لەباربوو سێ شیش سیپەلاكی برژاومان لەگەڵ دەستی خۆمان هێناوە، ئەگەرچی خواردنی بەرێزتان نییە، بەلاّم خواردنێكی بەتامو لەزەت و خۆشە، ئومێدەوارین بۆت بێتە شیفا.

پاشان جەلیل بەگ، دەرگاو پەنجەرەكانی پێوەدا پەردەی بەرووی پەنجەرەكان داداوە، دواتر چوار چمكی دانیشت، دەستەو دیاری حەسەن سیپەلاكی دەكردە بابۆلەو بەتاسووقەوە قەمپاڵی لێدەدا دەیخوارد لەبەرخۆی دەیگوت:

خواردنێكی بەتامو لەزەتو تامەزرۆ شكێنە، مریشكی چی، گۆشت مامزی چی..!

لەخۆشیان مەستو سەرگەرم بوو، هەوەسی هەستابوو. لەبەرەخۆی گۆرانی دەگوت:

(لەملانو لەملانت كەم..سووكەڵەی دەست لەملاّنت كەم خۆمن یەخسیری تۆنیم..حەواڵەی شێخانت كەم)

دواتر جگەرەیەكی داگیرساندو نغرۆی خەیاڵ بوو..! پەتای خۆ بەزلزانینو دەردێكی كوشندەو بارێكی قورسە، بەدرێژایی تەمەنم ئەم بارە قورسەم لەكۆڵە خۆم هەڵداوە، لەژێریادا دایچەماندوومەوە، لەبازنەیەكی داخراودا، وەكو گێژی ئاسای بەدەوری خۆمدا دەخولێمەوە بێئاگالەدنیای دەرەوە چباسو خواسە.خەڵكانێك هەن نانی شەویان نییە، كەچی بۆژیان پێدەكەنن ژیان باوەشی بۆیان كردۆتەوە، چەشنی دوو دڵدار كاتێ كەلەچێژووان یەكدی لەهامێز دەگرن، بەئارامی ئاوێزان دەبن.

پاشان لەناخەوە هەناسەیەكی ساردی هەڵكێشاو تێهەڵچووە! وەرن سەیری حەسەن سیپەلاكو مەجۆی كورتە بالاكەن، چەندە شادو شەنگۆڵو لێوبەخەندەن، هەست راگرن! كاتێ كەپێدەكەنن لەناخەوە پێدەكەنن، سەدای سۆزی پێكەنینیان هێندە بەجۆش و خرۆش و خۆشی بەخشە مەپرسە، خۆشترە لەسەدای ئاوازی سەمفۆنیای بتهۆفن. دواتر دوابەدوای بریاردان لەسەر شكاندنی تەلەسمی سەرابی ئەم بازنە داخراوە، هێمن ئارام كپ خەوی لێكەوت..لەخەونی دا لەگەڵ حەسەن سیپەلاك سیپەلاكیان دەبرژاندو گۆرانیان دەگوت مەجۆ كورتە بالاّش،سەرگەرمی سەماو هەڵپەرین بوو.